ژنێکی پێ پێ لە درم.. چنوور نامق

لەرۆژێکی وەك ئەمدا
پێش هەزار ساڵ
چیتر
نەمتوانی گوێەکان ئاودەم
بومە ئینجانەی چوار تەمەن بێ ژاکانیان
لێوم بێ هەر بادەیەك برد هەر گاڵتەجاڕ بوو وەرزی دێ
شەکرە زەقنەبوتە لێوم کە ناتوانم
تامی ماچەکان بکەم و
نزای ئەوین بمباتەوە بێ کێشی خێی
ئەی بێ بمبا؟
کە نەمتوانی ببم بەژنێکی زانا لە واڵاکردنی دەرگاکان بێ تەقەتەق
کە نەزانبووم لە ئاودێریی شتەکانی تامەزرۆیی
لەهەدانی ریزە ماچەکان لە بادا…
ئێستا خۆم ئەتوانم بمم
لەشاری دێ فاشیلترین ژنی ئەم مژووە سەرسپییەم،
هیچ
کتێبێکی عەشق نەما پیاسەی بێ مەیلیی تیانەکەم
بەبێ ئەوەی توانام هەبێ نێتە سورەکانی ئەوین وەرگێمە سەر
زمانەکانی پەپولە
بەبێ ئەوەی بوێریکەم چەپکە گوڵێك بدەمە دەستی یارەوە
هەزار ساڵە لە قوتابخانەکانی ئەوین لە پڵەکم
لەدایکمەوە بۆم ماوە
ترس
خورپە
پێنەکەنین
هەزار ساڵە فێری تەقوی و تاعەت ئەکرێم،
ژنێکی نەوێری بەر باران چۆن ئەتوانێ پەڕە بدا؟
چۆن ئەتوانێ بەتەماشا هاتوچۆی هەورەکان راگرێ؟
چۆن ئەوێرێ ئەستێرەکان بگرێت بەدەستەکانیەوە؟
چۆن ئەتوانێ شەپۆلەکان بەگیر بێنێ؟
زەنگ
دەنگ

هێی سوور و
فرمانەکان
مەکە و
مەڕە
هەزار ساڵە شێتم ئەکا
هەزار ساڵە گریان ژیرم ئەکاتەوە و بەختی ئەگری
ژنێکی پڕپڕ لە درم
لە نمایشی هەتاییدا وا وشك ئەبم
هەزار ساڵە پێکی ترساو هەڵئەدەم و لە پڵی ئەوین قوتابیم
بەبێ ئەوەی چەپکە گوڵك بدەمە دەستی یارەوە
بەبێ ئەوەی بۆریکەم
وشەی عەشق وەرگێڕمە سەر زمانەکانی باڵندە
بەبێ ئەوەی توانام هەبێ
ماچێك لە بادا هەبدەم.....

٢٠٢١-١١-٥

ترافیکەکانی ژیان دێی ژنێك ڕاناگرن ... چنوور نامیق

تاقەتم چوو لەم سروشتە بێئاگایە

ڕۆژێك ئەبم بەهابوردوو

ئاوێ لەکەس نادەمەوە

نە لە دووداییی نیشتیمان

نە لەنۆژی پەپولەیەکی تازەفام

نەلە درودی ئێوارەیەکی ڕەنگپەڕیو

نە لەهەواڵی سواوی تیڤییەکان

دەمەو کۆچە

نەشەقام بیری من ئەکا و

نەدێی بەتاڵی پیاوێك داگیر ئەکەم

هەر ئەمم و

ئاوێ لە زامی نیشتیمان نادەمەوە

نە لە ئاگرە سەرشێتەکەی شاری دڵم

نە لە پارکەکانی شار و

نە لە مناڕەی شکاو و

نە لە قەڵا تاقانەکەم

لێرە پەنایەك شکنابەم

بیر لە دوا دێری شیعرێکی قژ ئاڵزم بکەمەوە

هیچ چیرۆکێك بۆلای ئێوەم ناباتەوە

ئیتر لەکەس توڕە نابم

نە ڕۆشنبیری کێلەی حەز

نە سەماکەری دڵپاك و

نە سۆزانییە راستگۆکانی ئەم سەردەمە رامناگرن

ئیتر ئەبم بەئابوردوو

بیری شەقامی شار ناکەم

ئاوێ لە ئادەمەکانی وڵات نادەمەوە

نە لە نوسەرە بۆبابەتەکان

نە لە هاوڕێ بۆگەکان

نە لە درۆزنە دەستەزەکان

نە لە بەقاڵە گرانیبژەکان

نە لە هونەرە سواوەکان

نە لەتۆ

نە لەگوڵگوڵ

نە لەو...

کاتێ ئەبم بەهابوردوو

دەبمە تارمایی ماڵەکەم

دەبمە خانمە پاڵەوانی

ئەو ڕۆمانانەی ژیانێک دەدارم بوون و نەمتوانی شەوێک لە پاڵیان بخەوم

ئیتر ئەو داگیرکەرە نیم

دەی پیاوێک بکەمە شار

ئیتر دەستە ساردەکانم

بە پەنجەرەی ژیانەوە جێناهێڵم

ئیتر فنجانی شکاوی کاتی زیزبوونی عاشقان

تامی لێوەکانم ناکات

ئیتر و ئیتر و ئیتر

نەشەقام بیری من ئەکا و

نەدەی بەتاڵی پیاوێک داگیر ئەکەم

.1-4-2020

ئای لەمینا... مینای دڵم ئەشکێنێ ... چنوور نامیق

کەلووی دوانە باسی بەختم بێ ئەکات و
پێکەنین رووم داگیر ئەکا
سەر ئەنجامە پەنجەرەیەکی بێ مینا
(ئای لەمینا) ، دڵم ئەکاتە هەمات و
دەستی درێژی درەختێك
لە پەنجەرەی شکاوەوە
دەیان جار دڵم ئەگ...
لەبێ مینایی پەنجەرە (ئای لەمینا)
مینای دڵم ئەشکێنێ
بەبێ ئیزن
بەناو شاری نوتەکی روحما گەشت ئەکا...
لەبێ شوشەیی پەنجەرە
چاوم لێیە
سەردەمی تاعونی کامێ و
ئەوینی دووری کڵڵرا
بەدوای کێرێنا ئەگەن..
لە بێ مینایی پەنجەرە
لێو ئەنجامە سەر پڕاوی فێیوی با
تا تەنیاییم کەکەمەوە
سەر ئەنجامە سەر خەمی پیرێزی زەوی
لەسجودا خڕم بیر ئەچ.....
لە سەردەمی کولێراوە بەوەم و
وا سەردەمی کێرێنایە
ناگەمە جێ.....
لەبێ مینایی پەنجەرە
گوڵم لە شپرزەیی تێیە
لێو ئەنجامە سەر دەستە زبرەکانی شەو
بێ نازانی لەرزوتای شەوان تاعەتە؟
لەپەنجەرەی شکاوەوە

سەر ئەنجمە سەر زەوییە دەردەدارەکەم
لە قوژبنی سەد ساڵ تەنیایی خەیاڵم
جیئەمێنم...
هەڵبەستەکەم
کورسیکەی خۆی ئەسوێنێ
باسی وەفای پشیلەکە و سپلەیی سەگم بۆ ئەکا
باسی ساردی خۆرەتاو و
دڵگەرمی مانگم بۆ ئەکا
باسی خوێندکاری سەلار و
مامۆستا لاسارەکانی پڕلی تاعونم بۆ ئەکا
باسی عەشقێکی لە بیرچووی بەر دەرگای شەوم بۆ ئەکا
منیش بوومە بەبوکەڵەی
(ئای لەمینا)
بەویستی خۆی ئەمجولێنێ

لە بۆ شوشەیی پەنجەرە
عەشقی سەردەمی کوڵرا
خۆی بە پەنای روحما ئەکا و
قۆرمینا بەدەستکێشەوە بەبەردەمما دێت و ئەچێ ...

لە بی َمینایی پەنجەرە
هەورێکی شپرزەی ئاسمان بەکەمامەی گومانەوە
بەسەر باخە قژ ئاڵاوەکەی روحی مندا
زۆر ڕەمانسیانە ئەبارێ
کەدەبارێ ئەمکا بەتۆ...
باوانەکەم
سەخاوەتی پەتای عەشق
وێرانە هەواری کردم.....
بێداریم مەکە ئاوێنە
با نەهێنی شەونوێژی من
لەپاڵ نێرگەلەیەکی دڕپڕا
سەدای مینا نەشوێنێ...

هەڵبەستەکەم
ئێستا نەزان بە جادەکانی بێشاریم
نابینا بە لیمبوونم،
لە نێوان کاتی کوڵرا و ئالودەبوونی کۆرنا
لێم ناگەڕێ بەم و بچم....

لەگەڵ پارادۆکسەکانی هەڵبەستەکەم
نزرگەلەیەك بەدەنگی تۆم ئاشنا ئەکا و بەخۆم نامۆ
لێرە کەس بە ئاشنا نابێ
لەکەناری هەتیویمدا ئارەزووی کۆشی تێ ئەکەم
ئەی میهرەبان…
هەڵبەستەکەم کورسۆکەی بەجێ ناهێڵێ
نەبا کەسێك لەگەڵ تەنیاییم دانیشێ
لێناگەڕێ
بچمە لای غەریبیمەوە…
من ئەڕۆم و هەڵبەستەکەم هەر کورسۆکەی جێ ناهێڵێ
لەبێ مینایی پەنجەرە ئای لەمینا
مینای دڵم ئەشکێنێ و
بەتەنیشتما گوزەر ئەکا.
کلووی دوانە باسی بەختم بێ ئەکات و
دوای سەردەمێك
لە پەنجەرە شکاوەکەوە ون ئەبم..

4-3-202
تێبینی

(ئای لەمینا) مەبەست گۆرانی ئای لەمینایە
هەڵبەستەکەم.. هەڵبەستی کچم
مینا – شوشە

بە ژنە دزەکەی دیار ماڵی خوا ناوی بردم ……. چنوور نامیق (هەڵوێست)

تازە شیعرم خەریکی دارە دارە بوو
ژنێك هات و
یەکە یەکە کوچە و باخ و شار و دێی نێبەری شیعری من گەڵا

ناوی نام ژنه دزه‌که
گوایه هه‌موو به‌یانییه‌ك به‌ته‌نیشتی باخی پ‌ێغه‌مبه‌ره‌وه ره‌ت ئه‌بم
گ‌ێرانی حه‌رام ئه‌‌‌م و
میوه‌ی باخی حه‌بیب ئه‌دزم!
له‌مانشتی یه‌ك‌ێ له ر‌ێژنامه ساواکان وای نوسیبوو
ئه‌و ژنه دزه روحسوکه
ده‌ست ب‌ێ که‌لامی خوا ئه‌با و
ئه‌یکاته ملوانکه شیعر و له‌ملی شه‌یتانی ئه‌کات
ئه‌و ژنه به‌ناو موسو‌ێمانه نوسیبووی
خودا خاوه‌نداری نییه
که‌چی به‌خ‌ێی به‌ناوی خودای جوانه‌وه
نه‌فره‌تی له شیعرم کرد و
به ژنه دزه‌که‌ی دیار ما‌ێی خوا ناوی بردم
ژن‌ێك به‌سه‌به‌ته شیعره‌کانم گوناهبار ده‌کا و
ئه‌‌‌ت ئه‌مه که‌لامی حه‌بیبه و ت‌ێزی به‌ده‌ستکارییه‌وه!
ب‌ێده‌نگ وه‌ك شه‌و
سه‌لار وه‌کو خه‌ونی مه‌ییو
سه‌به‌ته‌ی شیعرم ر‌ێ ئه‌که‌م
تا زه‌کاتی ئه‌و د‌ێانه‌ی ل‌ێده‌ربکه‌م چاویان به د‌ێی منه‌وه ه‌ه‌‌واسرابوو
که‌چی ئه‌و ل‌ێم ناگه‌‌‌ت و ئه‌‌‌
ب‌ێنی که‌لامی خوا ئه‌که‌م
” د‌ێت ب‌ێن به د‌ێمه‌وه ده‌کات”1
گشت هه‌ناسه‌م ئه‌پشکن‌ێ
کفری شیرین2
روح و چاوم داگیر ئه‌کا و
فرم‌ێسکی شه‌مس ئه‌ز‌ێته روحی ز‌ێر به‌رزم
ژن‌ێکی به‌ناو موسو‌ێمان
نه‌فره‌تی له شیعرم کرد و
به ژنه دزه‌که‌ی دیار ما‌ێی خوا ناوی بردم
منیش ب‌ێده‌نگ وه‌ك س‌ێبه‌ری نیشتیمانه دزراوه‌که‌م
سه‌لار وه‌کو خه‌ونی مه‌ییو
سه‌به‌ته‌ی شیعرم ر‌ێ ئه‌که‌م
تا زه‌کاتی ئه‌و د‌ێانه‌ی ل‌ێده‌ربکه‌م چاویان به د‌ێی منه‌وه ه‌ه‌‌واسرابوو
و
ب‌ێ که‌رکوکه‌که‌م ئه‌گریان!

چنوور نامیق (ه‌ه‌‌وه‌ست)

-_____

1- دۆن بۆن بە دێتەوە دەکەن: لەشیعری ئەحمەدی شاملو
2- کفری شیرین: ڕۆمانێکە لە کتێبی چل ڕۆساکەی عەشقی ئەلیف شەفەق
2019-5-30

نیشتیمان قومارخانەیە و جێیەك نییە بۆ پێکەوبوون چنوور نامق

...

لەم هەرەسی وەرزی عیشقە
سەد ساڵ تەنیایی ئەکەمە جانتاکەم و
سەری شیعرم هەڵئەگرم ....
ئەو پێی وتم
پێکەوبوونی دوو سێبەری بەناوی عەشق
گەورەترین هەڵەی تۆیە!
لەشتیا
ملوانکەکەم ئەبڕم و
مناڵیم لە سەردەمی جەنگ ئەهێنمەوە
دەستەکانم خۆاوین و
پەرچەمم سێبەراوییە
گەورەبوون وەك خەم گرانە…
بەرد ئەخەمە جێگەی دڵ و
مەیلی دڵدار بەو دڵە بۆ مانایەی خۆم ڕەجم ئەکەم
ئیتر هەنار بەسەبەتە ناگوێزمەوە
بۆ باخی دڵ
هۆ کێنە شار پێت نەوتم پێکەوبوونی
ئاو و ئاگر گەورەترین هەڵەی تۆیە؟
باران ئەکەمە ئەدرەس و
بڵەنگی ئەمگەیەنێتە ئەو دیوی باخی وەزبوون
ئیتر زەمەن لەناو دەستم راناگرم

ئیتر هەنار بەسەبەتە ناگوێزمەوە بۆلای خودا
هۆ گەوجە گیان
چیتر وەتەن ناکەمەوە بە ستەیجی دێدارە ساویلکەکانی دیار شەڕگەکان
ئیتر ئیتر
دۆ وێرانەی ئەوینێکی وەك سێبەرە
لەهیچ باخێك بوونی نییە
پوچی ئیمارەتی منە
تاقەتم نەما نا نا نا
سەد ساڵ تەنیایی ئەکەمە جانتاکەم و
سەری شیعرم هەڵئەگرم
تاقە وەاتێك شك نابەم بارانی چاو بگرێتە خۆ
وەك ئورسێلا
تەنیایی روح بۆ دێدارێك ئەگەڕێمەوە تەواو زەمەنی بیرچووە
وا سەد ساڵ تەنیایی ئەمبات
واز لە باخچە ئەهێنم و ئەڕۆمەوە بۆ ماکێندۆ
ئیتر ئیتر باخی هەنار ناگوێزمەوە
بۆ بێستانی نەهاتی دۆ
هەنگە ژنێك فڕی کردم
خەیاڵ نزیکترین ڕێیە بۆ دەربازبوون
واتەرمەکەم لە گەڵ
جانتای ماکیاژەکەم
لەگەڵ سەد ساڵ لە تەنیایی و
تەمەنێك لەشیعری سپی
ئەگوێزمەوە بۆ ئەودیوی شار ، نیشتیمان
چیتر هەنار بەبەرچنەی خەیاڵی دۆ ناگوێزمەوە بۆ ناو باخان
هەنگە ژنێکی وەکو خۆم فڕی کردم
بۆوا بە ئوکتێبەر نەکەم
ئیتر نزای هەناراوی ئەم باخانە نابەمەوە بۆلای خودا
تازە زانیم
نیشتیمان قومارخانەیە و
جێیەك نییە بۆ پێکەوبوون
ئوکتێبەر دێی بردم و نەیدامەوە
ئوکتێبەر شاری بردم و نەیدامەوە
ئوکتێبەر ڕوحی زڕاندم
ئوکتێبەر وەکو ئورسێلا ماندووی کردم
هەنگە ژنێکی وەکو خۆم فڕی کردم
نیشتیمان قومارخانەیە و

خەیاڵ نزیکترین ڕێیە بۆ دەربازبوون لەنیشتیمان!

ئورسۆلا: هاوسەری خوزێ ئورکادێ بوێندیا ، ڕۆمانی سەد ساڵ تەنیایی مارکیزە
ماکۆندۆ: شوێن لە ڕۆمانی سەد ساڵ تەنیایی

وا ئەبمە وەینی پێ لە پرسیاری سەگە برسێکانی ناو شار … چنوور نامیق

من ژنێکم وەکو باران زوو ئەبارم
چاوم لە مەیلی هەورەکان نابڕێتەوە
خوێندنەوەم ئەستەمترە
لەقوژبنی ماڵی چڕێی تەنیاییەك
پیتەکانم ئاڵۆزترن
لە کردنەوەی لوغزەکانی فەلسەفەی پیاوانی وڵات
دێرە پەرتەکانی ناخم وێنەی کەسانێکن
چاوی قەدەر لێیان ناگا
چەند ڕوونترم لە فرمێسکت هەر ناتوانی بمخوێنییەوە
خوێندنەوەی نیگای تیژی باڵندەیەك ئاسانترە لە سەرنجێکی ڕژاوم
وانەکانی ژیان کورتن پڕاناگەی منی تێدا بدزییەوە
ئەمڕۆ لەوانەی گەمەکان دیسانەوە سفرم هێنا
خەونێکی بەسەرچوو هات و چاوی بردم
بەخڕایی لەهەنج بە خەساری مڕوولەیەکی یەك پێدا بۆەر بووم
من ژنێکم لە باراندا ئاشت ئەبمەوە
لەزاکیرەی پاساریەك بوومە پووش و ماڵکی بارانم شۆواند
بومە پوش و ماڵی گومانم گسکدا
بوومە پووش و
کەنارێکان بەدەم نیگای ڕژاومەوە هەڵئەوەرین
بوومە باڵ و فڕینم لەبیری کەنارییەکان ئەبردەوە
بوومە مناڵکی سپی و

ڕۆژگار خۆی تیا شاردمەوە
بوومە مەل و
شینایی ئاسمانەکانم ئەخوێندەوە...
لەگەڵ گومانی باراندا بوومە خۆم و قسەکانم بیرچووەوە
بوومە کتێبکی کۆن و پیتەکانت ئەخوێندمەوە
وەڵێ نەخوێنەوارێکی ساوای
هێشتا پەی بەستەیەکی ناتەواوی چاوم نابەی
ئێستا ژنکی سەفەریی بەر بارانم
وا ئەبمە وەیەنی پێ لە پرسیاری سەگە برسکانی ناو شارێ
وا ئەبمە مناڵکی لەبیرکراوی دیارنەماو
هێشتا نوقمی گەمە شێواوەکانی شەوگاری دیار باران بووم
بوومە وەیەنی سەگەلەکانی ناو شەوگار
پێ پێ بووبوومەوە لە وەفا
وەفای جێماو
وەفای نامێ بە مەسجە تیژەوەکانی تێ
دەستوپەنجەت لەنوسینەوەم بکەوە
هێشتا نوقمی گەمە شێواوەکانی شەوگاری دیار بارانم
با لە زاکیرەی باراندا نازی ژیان نەشۆنم!

29-3-2019

وێکو شاژنی دارستان پاشماوەی جەهل ئێمامم ..... چنوور نامیق

ڕەمانێ ژنێک زۆری ماوێ بێڕەت و ناتوانێ
دەستێک بێ ئاوەی دنیای بکاتەوە سزا هەیێ
لەژورێکدا
جەهنەمی پیشان ئەدا
ئاوەیێ بەگەی ئیلاهی
ڕەمانێ ژن
ئیتر لەوێ نا
ئالێرێ

دیارێ ئاوەاوێنێ خۆی بەهەشت و جەهەنەمێ
دیارێ گۆڕینەوەی دنیا و قیامەتێ لێرێ
من خۆکی ئەم زەویێ نیم
زەویێک بۆتە ستێجی
نمایشی جەهەنەم و پیاوانی خوا
لەو شوێنەی دێینی قورئان
ئەکرێ بە ئەلبومی وێنە...
سوتاندنی مرۆڤکان ئەبێتە بەنەی دیدار و عەسرێ چایی و هیلاکبونی
دایکەکی ئوو بزەکاو
دەسموچێنی ڕیشسپیان و
گۆڕینەوەی بەرژەوەندی بزنسمان و
گەرمبونی ئەحادیسی گوئاگردانی بوختان و
ساغکردنەوەی چەن پرۆژەیەکی بەسەرچوو...
ئیتر لێرێ؟
نا نا لێرێ
کێ ناپاکی ژن و پیاوێک ئاگادێت بێ بڕائەت و
عەشقی پیاوێک دابەش ئەبێتە سەر کەمەڵێ ژن...
ئەم فیلمی جاریەکانی سەردەمی زووم پیشان ئەدا...،
دیسان لێرێ؟
نا نا لێرێ
ئەمانێ ژن وەکو شاژنی دارستان ئاوەستاوم
بەفرەک بەت و...
دەستەکی سارد بەووەتی منالی منا بێنەت و
جەستەی گەرمی یاخیبونی چەن ساتەکت ساردکاتەوە...
ئەمانێ ژن
چاوەڕوانم ئەو بەت و قردەلەی سپی بدات لەقڕی منالیم..
لەوشەوێ بەپرۆشێ ناخی گەرمت ساردکاتەوە
ئەمانێ ژن
تێ ئازاترین ژنەکانی سەر زەویت
هەر تێ توانیت لەسەردەمی ئەبو جەهلدا بڵێی نا...
هەنارێ ژن
وەکو شاژنی دارستان چاوەڕوانی بارانەکم
برژانگم بەسەرکاتەوە
دانپیانانی ئاگرەکەی تێ وەرگرێ ...
ڕووی تەش مانگەکی تەراوێ و
بەشەوقی خەم سێ پەروانەی سوتاندووێ
وەکو شاژنی دوای هەرەسی دارستان

بەدیار بەدەستەاتی هەورەو ڕووستاوم
کەمێنی گەنجێکی موعتاد ئەخوێنمەوە
بەفەنتێکی زەر شپرزە نوسیویەتی
(یانار کونی بردا وسلاما علی سەوان)
ئەو سێ منالەکەی سەوانی بیرچوون…
کچی کچک بە دنیاییەوە دەنوستێت
من لەهەوڵەوە زانیم باوک منالی خەی ناسوتێنێ
هەنارە ژن
وەکو شاژنی دارستان لەدەرگای سەبەران ونم
قەت ناتوانم مشتە فێنکی بەسەر ئاوەدا بپرژێنم
ڕەمانە ژن
ئەم ڕەمانە تەمومژاوی کردووم و
گەڕەوی تەدا نیە
ڕەمانە ژن
ئیتر لەرە جێیەک نەما بە من و تە
پەم وایە جەهەنەم لەولا بونی نییە
چونکە پێچەوانەی فەتوای گشت تەریقەتەکان لەرە بینیم
ئیتر لەرە ناگیرسەمەوە
نا لەرە…
سیمایەک لەبەهەشت ئەچێ و جەهەنەم دێ و ئەیسوتێنێ
کە سێ پەروانەی بەهەشتی بەدەوری تاوە داگیرسێن
عەشق و وەات و متمانە نەما لەرە
ڕەمانە ژن
وەکو شاژنی دارستانەکانی دوای جەنگی گشت مرۆڤەکان
پاشماوەی جەهل ئەماەم
چاوەڕوانی کلووە بەفر و نمە بارانی شپرزەم
تاکو بێت و ووداوەکانی هەناسەت بنوسێت
تا من و تە لەگوناهی دەستی تاوان پاککاتەوە
ڕەمانە ژنەکەی ژیان…

چنوور نامیق
2019-1-16

جانتاکەی من چیی تێدایە؟ … چنوور نامیق

جانتای ژنێکی خەتبار
چی تێدایە
جگە لە سەفتەخەمی پەمەیی
جگە لە سەرقاپە بیرە و
قەڵەمێکی چاوشتنی بە ئەزموون
و سوراوێکی تا بڵیی تۆخ لە ڕەنگی خوێن
جانتای لەبیرچونەوەی ژنێك چی تێدایە
پارچە حەبی خاڵی نوستن نەبێ
سیمای ژنێکی خەتبار چی تێدایە
درزەردەخەنە نەبێ
ئەی دڵی ئەو چی تێدایە
جگە لە بۆن و بەرامەی ترسی عەشق
جانتای ژنێکی ماندوو چاو
هەموو پوچێکانی تیایە
عەشق نەبێ
ئەبێ چی تری تێدابێ؟
ڕەشنوسە دڵاوەکانی شیعر نەبێ
چەند جگەرەیەکی شکاو و
قەڵەمێکی دێتەی لێو
لە ڕەنگی خوێن
حەبە بێدارەکانی نوستن و
مۆبایلێکی
چەند جار شکاوی شەڕەکان نەبێ چی تێدایە؟
چی تێدایە جگە لە شیعرەکانی دوای شەڕی
یەکەم و دووەم و سێیەمی جیهانی عەشق
چی تێدایە جانتای ژنێکی دڵشکاو ؟
جگە لە حەبی بێداری و قەباغە بیرەی لەبیرچوو و
چەندین جگەرەی وردکراو
و تەسبیحێك؟
ئاخر ئەبێ چی تێدابی
جانتای دوای شەڕی جیهانی سێیەم؟

November/2018/23

پەغەمبەری من ژنکی دەستەنگینە... بە ئاو ئازادی ئەنوسە ... چنوور نامیق

شووشەیەك رشنا ییم پیە
كراسك لە رەنگی سبەر
پیاوك لە خڵی فریشتەكان
بم ئەگەڵ
ژنك بیری بارانەكەی خەوەت ئەكا
تەزبیحك گوناهەكانم ئەژمرە و
بنی پەنجەكانم ئەكات
وسگەی مەراقك رامئەگرە
وننەی دوو كچە جوانەكەی دونن كوژران
دی خوای بزار كردووە
ئەیلول تەرمی فریشتەیە و
جیەك
ساتك
ئارامییەكی تیا نییە
باسی كوشتنی تیا نەبە
كوشتنی نەسلی فریشتە بكەسەكان

پیاییەك نوورم بەدەستەوەیە
جار جار
نیگام ئەخواتەوە
پیاوك لە خڵی فریشتەكان
بم ئەگەڵ
پیاوكی دەست بەتەسبیحی چل دانەیی
هەر رژەو یاسایەكی عەشق
ئەكاتە ملوانكەیەك بە تەرمی كچكی كوژراو

چۆ ئازادی و
پیاۆیەك لە نوری خودام پێیە و نیازم نییە راوەستم
تا زەمینێکی دوور لێرە
زەمینێك دوور لە کوشتاری ئاسکە کچ و
وشەی زامدار
من هەقم بە پەغەمبەری ئەوانەوە نییە
ئەوندەش ساقییەکی کاڤام نیم
تا نەزانم
کام لە میوەکانی بەرچنەکەی دەستی ئادەم خەتابارە
پەغەمبەری من ژنێکی دەستەنگینە
لە جێی پێنوس
بە ئاو ئازادی ئەنوسێ
پەغەمبەرم ساقییەکی بە جێماوە
گوێك نەما
میهرەبانی لە دەستی ئەو نەخواتەوە
ئەو ژنێکی دەست سپییە
دەستی بە بۆینی گوڵەکان سوور نییە
ئەو ئەزانێت کامە پەنجە بۆنی سۆوی گەنیو ئەدا
کام ئازارە بەرائەتی مانگەشەوی لێ کردووە…
پەغەمبەری من جیاوازە
روحی کچێکی کوژراوە
لە ژێر هەر بەردێکی وڵات
ژووانگەیەك ماچی سووری شاردووەتەوە
لە بەر دەرگای هەر مزگەوتێك
راپۆرتی دەیان کچی کوژراوی ریز کردووە…
پەغەمبەرم ساقییەکی بە جێماوە
گوێك نەما
میهرەبانی لە دەستی ئەو نەخواتەوە…

1-10-2018

شار سەرگەرمی سەرپۆچییە و من سەرگەرمی درۆکردن … چنووور نامیق

بەیانییە و سەرپۆچیەکانی ناو شاریش
وەك سەرپۆچکانی دڵی من دەستی پێکرد
سووڕە و ئوتومبێلەکان دەرئەچن
سەوزە و دوو پیاو لەناوەڕاستی شەقامدا یەك ماچ ئەکەن
لە نزیك شەی دوو گەنجا
منا ك بە رۆژنامەوە
چاوەڕێیە
مانشێتی پێکەوە ژیانیان نیشاندا و
خەمی شەی دوو گەنجەکە چاوانی بڕیتاقەت ئەکا…

,,,,,,,

شار سەرگەرمی سەرپۆچیەو
مەلاکانیش بیر لە حەری ئەکەنەوە
لای ماڵە شۆاوەکەی شیعری من
کچێك بە ڕێی ژوانەوە بۆ خۆشەویستی ئەگەڕێ
جار جار ئاوڕ لە دوودڵی ئەداتەوە و کاتژمێرەکەی دوا ئەخا
کە ئەیبینم ساویلکەیی سەردەمی عاشقبوونی خۆم دێتەوە یاد
لەولاتری کاولە ماڵی شیعرکمەوە
دار هەنارێکی تاقانەی وەك من بێکەس
هەنارێکی ئەکەوێت و لەرز ئەیگرێ
هەنارێك دەنکەکانی لێ ئەژڕێ
کۆترێك لە شەقەی باڵ ئەدا و
منا ك دارلاستیکەکەی ئەشکێنێ…
تازییەبارە چاوانم کە توانای سەرپۆچیم نییە
لەوەتەی هەم درێ ئەکەم
ئیرەییم دێ بە ڕێینی کۆترەکە و
شەرم لە ترسنۆکی خۆم ئەکەم
دیسانەوەش
هیچ شتێك وەك دواخستنی سەعاتەکەی ئەو کچە ئاشقەی ژوان رامناگرێ
کە ئەیبینم ساویلکەیی سەردەمی عاشقبوونی خۆم دێتەوە یاد…

لەسەردەمی کۆلۆراوە
شار سەرگەرمی سەرپۆچیە و من
سەرگەرمی درۆکردن...

14-9-2018
هەینی

ئەمەوێ روح لە تامی کفرێکی شیرین* نوێ بێتەوە ... چنوور نامیق

ئەم بەیانییە ئەمەوێ جێپەنجەم لەسەر ئاوێنەی ژووری نوستنم جێبێم
نەك بمرم و تازە بوکێکی قژ ئاڵز
لەبەردەمی ماکیاجەکەی دوێنێ شەوی بسڵتەوە
ئەمەوێ نازی هەر پێنج پەنجە سارەدەکانم
لەسەر ئاوێنەی ژووری نوستنم
بەتاڵ بکەم
نەبا دایکێکی بێداری پێش مردنم
مناڵەکەی لەبەردەمی ژیرکاتەوە...
ئەمەوێ دوا سەرنجی گەرمم
دوا پروشەی زەردەخەنەم
لەسەر دەستە سارەدەکانی مناڵی لای ترافیکەکان جێبێم
لەوێش سەوز رەگەم نادا...
بەنیازم دوا تنۆکی نیگای ساردم لە دڵی شعرێك جێبێم
کە لەسەر لێوم تاساوە و
دڵت و نایە
تەنیا وێنەیەك جێدێم
بەتەنیشت ئاوێنەکەوە
وەڵێ ئەسەف
کەس نازانێ خەمێکی بخوێنێتەوە
تەنانەت ئەزیزەکەشم

دوای نیو سەدە لە تۆامان
لەو وانەیە سفر دێنێ …
ئەمەوێ دوا ئێغری سەبرم
جێپەنجەم
لەسەر هەموو شتەکانی ژووری ژیان
بەجێ بێم
تا هەبەستە شێتەکەی من
لێوەی فێری بەرگری بێ
بەرگری لە خێی
لە نیشتیمان
لە ئازادی…
ئەمەوێ روح
لەمەراقی پێکێکی تری ئەم بونە نوێ بێتەوە
لە تامی کفرێکی شیرین و
نیگایەکی خەمهاوەری چاوی ئێلا
دوا هەناسە بە جێبێم
……..

نەبیر لەتێ ئەکەمەوە… نەبیر لەتێ ناکەمەوە … چنوور نامق

هەر رۆژێ بیر لە عەشقی تێ ئەکەمەوە
چەپکێ لە قژم ئەوەرێ
هەر شەوێك بیر لە هاتنت ئەکەمەوە
ئەستێرەیەکم ون ئەبێ
ئەمشەو ویستم بیر لە مۆژووی پێکەوبوونمان بکەمەوە
مانگیش گیرا
لەوەتەی مانگ رووی شێواوە
روحی منیش وێ کەوتووە
هەر بمەوێ بیر لە عەشقت بکەمەوە شێکی جوان لەدەست ئەدەم…
جارێ ملوانکەم ئەبچڕێ
جارێ کاترین قەڵەمی لێوەکانم لێ ون ئەبێ…

تاوێکیش چاوم ئەبارێ

ئەم وەرزی زستانە دڵەم مێهەت نادا
کوانووی دیدارمان گەرم بێ
ئەم ئەوینە نەفرەتییەش
ڕێگە نادات ماڵی دڵم ئاسودە بێ
هەر جارێ بیر لە ئەوینت ئەکەمەوە
نایابترین پێکم ئەشکێ و
سەفەرێکم لێ تێك ئەچێ...
هەر جارێ بیر لە منداڵیم ئەکەمەوە
گەورەیی دێ و یارێکانی دەستم ئەشکێ
هەر دەمێ بیر لە پێکەوبوون ئەکەمەوە
وێاتەکەم داگیر ئەکرێ....
چی گەڵای سەوزی وەتەنە زەرد ئەبێت و
مانگیش وکو رووم ئەگیرێ...
بۆیە ئیتر بە نیازم
نەبیر لەتێ بکەمەوە و
نەبیر لەتێ نەکەمەوە...

30-7-2018

من و کەژاڵ لە دیداری کریسمسدا چنوور نامق ...

هێ خانم خاس
تێ خەریکی چنینەوەی پیتە جێماوەکانی شیعرت بەو
هەندێ زەنگیانەگلەییش
لەقسە نەکراوەکانی کریسمس
بێ روحی تەنیام جێبێهێ خانم خاس گیان....
تێ بە ئاسودەیی بێ و
چی زەردەخەمی قەتیسی لێوەکانتە بێ رووەمەتی لیمێیی من...
ئەمێ دڵم بەتاڵە بەتاڵە بەتاڵ

هیچم نەماوە بۆ وتن
ئەمەوێ روح لەسەبوری جێهەنگاوە دووورەکانت پێکەمەوە
بەڕام ئەسەف
سەرگەرمانە تۆ سەرقاڵی ڕێنیت
پایزیانە بزە ئەکەیت
ئەمەوێ ڕۆح بە قسە نیوەچڵەکانی کریسمس ژیرکەمەوە
کەچی زەینم زۆر ناپاکیم لەگەڵ ئەکا هۆ خانم خاس!!
من لە قدومی دووداڵی کریسمسدا بێت ئەگەڕێم
هۆ خانم خاس چیتر متمانەم نییە بە ژیان !
ئاوێنەکەم پڕە لە تۆ و
کێکی کریسمس بۆ مەمە
دڵم بووەتە ئەشکەوت و دەنگدانەوەی قسەکانمان
بەهەڵە ڕەشکردنی چاومان
هەڵبژاردنی ڕەنگی لۆو و
کراسی دوا ساتەکانی ساڵ
پێکەکەم بیر ئەباتەوە….
هۆ خانم خاس
من بیر لەتۆ ئەکەمەوە و تۆ سەرگەرمی ڕێگای دووری
ئیتر دڵم بەتاڵە بەتاڵە بەتاڵ
تۆ خەریکی ڕێنت بە و
چی زەردەخەمی قەتیسی لۆوکانتە بۆ ڕوومەتی لیمۆیی من!

2-5-2018

کتێبە کراوەکانی پاڵ ژنێکی دەرەنگخەوتوو…. چنوور نامیق

ئەم هەڵەیە ئەمکوژێت و زیندووبوونەوەش دوبارە شتم ئەکا و
دواییم نایە
جگە لە تەریقەتێك مەزنترە لە دوبارەبونەوەی
ڕوح
ئەم هەڵەیە مەستم ئەکا و زوو ناگەمە جێگای ونبوون

بەشەرەفی سەزانییە جوانەکان سوێند بێ
متمانە نیە لەم وەرزە پووچانەی تۆ
لێرە درەکان جوانترین گرەو
لەسەر مانی ئەرخەوانەکان ئەکەن و
پایز لە نێرە رێینی گوڵان جێدەهێنێ
بێ ئازیزن شەوانی دیار خەمە بێ هەوارەکانی روحی من
بەدیار رمانی عەشقەوە
نزای سەد ساڵ پێکەوبوونمان بەتاڵییە..
پوچن هەورە خەمەکانی چاو
کە ئەژنە ناو دەستی هەوەسی پیاوێك
ڕمانسیەتی چاوانم بەتاڵ ئەبێتەوە لە پاکی.
مەهزەلەیە عاشقبوون بە لەحزە هەوەسبازەکانی پیاوێکی نەشارەزا
بەکتێبە کراوەکانی سەر سینگی ژنێکی درەنگخەوتوو…

ئەم هەڵەیە ئەمکوژێت و دووبارە ئەمداتەوە دەستی مەرگ
چەن زیرەکانە ئەپەیقی کاتێ رژانی جوانی من رائەماڵی و
تف لەرووی ئەوینم ئەکەی
بەشەرەفی پاکی سەزانییە جوانەکان سوێند بێ
متمانەم نییە بەعەشق
لێرە پایز هەروەکو من لەنێرە رێینی گوڵان جێدەهێنێ
پوچن ئەو دەردە دڵانەی
لەناو دەستە هەوەسبازەکانی پیاوێك
ئەکوژێنەوە و
ڕۆژم لێ ئەکەنەوە شەو
لە ناچاری نیگای پاکی سەزانییەك
بێ ئازیزن شەوانی دیار خەمە بێ هەوارەکانی روحی من
لێرە بێ

.……

2018-2-26

am 12

من و کەرکوك لە خەمی دیلبوونی یەکتر ئەخەینەوە … چنوور نامیق

حەڤدە ڕۆی و من و کەرکوك پەڕی
سووری سەرئێشەمان بە تەوژمەوە بەستووە
هەژدە سەرەتاتکییەتی و
من و کەرکوك بێ نیشتیمان
من لە خەمی دیلبوونی ئەو ئەخەمەوە و
ئەو لە عەشقی پەرتەوازەی دڵی منا دائەگیرسێ
حەڤدە ڕۆی و من و کەرکوك
دوور لە وڵات
نەفرەت لە دادوەری ئەکەین
هەردوو بەنیازین بڕین
وەڵێ تازە دڵی من و کەرکوکەم
فڕۆشراو
لەنیشتیمان دابڕاین و
نایەینەوە
حەڤدە ڕۆی و هەشدە دوو دێ و رارایە
من و کەرکوکی بێ پەناش
دڵگەرمین و تاقەتی زەمەنمان نییە!
وەکو پێکی شکاوی دێ
هەر جارەو
دەستی چەپەڵك هەڵمان ئەدا و
لەبەردەم شەڕگەیەکی چەکراو جڵمان دەڕێ
حەڤدە ڕۆی و تازە من و کەرکوکەکەم
مەحاڵە بگەڕێینەوە
من لەخەمی دیلبوونی ئەو ئەخەمەوە و
ئەو لە عەشقە ناکامەکەی دڵی گەرمم دائەگیرسێ!

31-12-2017

دڵم وەك نیشتیمان تۆرا و لە کاولەی روح دادەی نییە ... چنوور نامق

لەنەخشەکەت بمسڕەوە
چیتر ئەو شارە دوورە نیم
ئەستێرەکانی بینینت زاخاو بدەن...
لەشاری عەشقم دوور کەوە
خەون بەماچی بیرەوەرییەوە مەبینە
من شارەکم پڕ لەتاوان و
لەکوشتن
لەناپاکی.....
پەنایەکم لە بڕ پپاوە زلهێزەکان
هەموو ساتێ دەستم هەیە لەکوشتنی خەونی مانگ و
لەناکردنی چاوی منانی شار و
چەپڵکردنی ئاوەدانی و
شکاندنی دڵی ئازیز.....
لە نەخشەکەت بمسڕەوە
دڵم وەك نیشتیمان تۆرا و
لە کاولەی روح دادەی نییە!
قەفەسەکم ئاوازی هەڵبەستەکەی خۆم ئەشارمەوە
نێتەکانی ئەکەمە قوتوی ژەنگاوی و
ئەیدەمە دەم دەریای بیری پوچەڵەوە

لەنەخشەکەت بمسڕەوە
ئاسمانەکم پڕم لە گرمەی هەورە پیاو
تاوانبارەکی بڕ مانام
تا ئێوارە سەماکانم لەژێر پەردەی عورفی سپی ئەشارمەوە
تاکو سەحەر پڕکی خەم ها بەدەستمەوە و گۆرانی خۆش ئەخەمەوە
تاوانبارەکی بڕ مانام دەستم هەیە
لەچەپڵکردنی دڵی یار و ئاوەدانی
لەنەخشەکەت بمسڕەوە !

27-11-2017

کاتێ جەنگ بەپێی پەتی دێ ... چنوور نامیق

ئەو شەوانەی کە کەس نەنوست
بێداربووم وخەونم ئەدی
گوێم لە زرمەی جەنگی پێپەتی باشووره
باشورەکەی لای خۆمان نا...
کاتێ جەنگ هات ترێ نەما بەدارەوە و
چاوەڕوانی عەشق رژا!
کاتێ جەنگ دێ دڵەکان خۆرا ئەشکێن و
ئیتر چی جێیەك نامێنێ لە بێ عەشق
تاراوکەکانی ئەودیوی وڵات نەبێ

******

لەخەونمدا وڵات لێم بووبوو بەبەهەشت
بەیانی زوو لەمانشێتی رۆژنامەکاندا نووسرابوو
بیری ئازادبوون سەکرا

****

لە خەونمدا شەهیدێك بەکوێ ئەگریا
بێ سبەینێ لەشاشەی تیڤیکانەوە
دەست و دوژمن ئیمزای پێکەوبوونیان ئەکرد

******

لەخەونمدا قەڵەڕەشکە لەشەڕگەکان ئەنیشتنەوە
بەیانی زوو
بۆیاری راگرتنی شەڕ خۆرا لەگەڵ دوژمن درا!

*****

کاتێ جەنگ بەپێی پەتی دێ
گۆزە ئەشکێ و

شەراب ئەژی
ئیتر هیچ جێیەك نامێنێ
لەبێ عەشق و حەوانەوە
نەفرەت لەشەی پێپەتی!

October/ 2017/25

ئادەمێك پێی وتم ..... ئادەمێك پێی نەوتم ... چنوور نامیق

دوای هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نەبینراوی پایز
دوای ئاشتبونەوەی گریانی ئاسمان و بێنی زەوی
ئادەمێك بێنی دووری لێ ئەهات
ئادەمێك لەپاشماوەی شەڕی بەرائەت و تاوان
بەمنی وت دووبارە من خۆشم ئەوێی
لەپاش جەنگیش خۆشم ئەوێی
بەر لەمێژووی شەڕە کۆنەکانی مرۆڤەوەش خۆشم ئەوێی
لەدوای بەهێشبوونی ژەنەراڵە تاوانبارەکانی شەڕیش ئەتپەرستم
ئێستا و دوێنێش و بەر لە دوێنێش خۆشم ئەوێی
ئەی حەوا جێماوەکەی دوای شەڕەکان لێم ببورە گەر چرکەیەك بیرم چووبێ...
ئادەمێك پێی وتم خۆشم ئەوێی
لەهەڕەتی هاویناندا لە جێی سێبەر بەچەتری خۆر دایپۆشیم و دامئەپۆشێ
لەناو داڵغەی دڵی ساردی زستانداندا
بە تەرزە وشەی نەگەییو رەجمم ئەکا
ئادەمێکیش پێی نەوتم خۆشم ئەوێی
ئەو لەناو دڵی هاوینان
دنیایەك بارانی سپی بەسەر دڵی گەرمم بارانند
لە زستاندا بەنمەنمی نیگای گەرم دایپۆشیم و دامئەپۆشێ
ئادەمێك پێی وتم و
ئادەمێك پێی نەوتم...

ئای چەن گەوجە ئادەمە خۆرهەڵنەرەکە
ئەو نازانێ دڵی ژن وەك هەنار وایە کاتێ بەدەستەوە دەشکێ
پەنجەکانی سور سور ئەکا و
دەنکەکانی هەرگیز بۆ کێ نابێتەوە
ئادەمێك پڕی وتم و ئادەمێك پڕی نەوتم.....

21-8-2017

ئیتر دڵم وێرانە کەلاوەیەکی نیشتیمانە ... چنوور نامق

بۆ لەمەولا خەونەکانم ئەکەمە عەرەبانەیەکی دەستی و
زەمەنیش وەرزێکی گەڵك ...
دەمەو رۆژێك لە گەڕەکی هەژارەکان
دەنکە ئازار ئەفرۆشم و
سواڵی مشتێ شکێ ئەکەم
دەمەو شەوێك لە بەردەم ماڵی بەرپرسێك رایئەگرم و
داوای نەخشەی بەر لە ئازادی لێ ئەکەم...
دەمەو خەمێکی نازەنین ماڵی دێ کلیل ئەکەم و
لە پێش ماڵی سەرکردەیەکی ساویلکە لەسیستەمی
دکتاتۆرە نەفامەکان رائەمێنم
حیوارێکی بێدەنگ وەکو چاوەکانم
هاوارێکی کپ وەك روحی هارم
لەشوشەی دڵ هەڵئەگرم
قیژەی کچە ترساوێکی ئەو دەقەرە لەتاریکی هەڵئەگۆزم و
لەناو تەمی چاوەکانم هەڵیئەگرم
دڵمەوە رۆ
دەنگێك لەغەیبەوە ئەڵێ
سووك پێم یەڵێ
مەردی خواوە بۆرە ڕۆوە
خۆم و عەرەبانە خەونەکەم
قیژەی کپ و حیوارە بێدەنگەکانمان،

روو ئەکەینە
مۆزەخانە ساختەکانی وڵاتەکەم
لە قوژبنی مۆژوویەکی لەبیرکراو چی هاوارمە
چی ئازارمە،
چ عەشقی ترسنراومە
لەپارچەیەك خۆری زەردی ئەپۆچمەوە و هەی ئەگرم

رۆژێك لەبەردەم ئاوێنەی گەڕەکێکی هەژارنشین
فۆتۆی پیاوە دەستسورەکانی عەدالەت
لە ئاوێنە ئەگرم ودەمە ڕوە...
ئەمجارەیان لە بەر ماڵی کچە سزانییەکی تۆگەییو لە عورفی ماچ
زانا لە شیکردنەوەی سزای ماچ
بزان لە شرۆڤەکردنی شەوە سوورەکانی سیاسەت
ساتێ و ساتێ ڕایئەگرم و
تیشکی گڕپی ڕەنگاوڕەنگ ئەخوێنمەوە
بۆ لەمەولا
ڕوحم عەرەبانەیەکی دەستییە و
ئەم وەرزەش وەرزی دییەنی
چاو مەیلی دوورکوژی ئەکا
ئێستا دڵم هەرمێیەکی شکێنراوە و
هەر دەمێك و فوتبۆڵی پێی
مناڵێکی بێبەشی ئەم هەرمەیە
ئێستاکە دێ دەنکە زەیتونێکی مەستە
لە خەیاڵی سۆفکانا لەخۆ ئەچێ
ئێستا ڕوحم عەرەبانەیەکی شەقوشۆی ڕۆژەکانە
ساتێك لە لای پەرستگەیەکی وێرانە ڕایئەگرم و
خەونەکانی دوێنێ شەوم ئەگێڕمەوە
خەونێك لە سەر پرسی خاکە داگیرکراوەکەم
خەونێك لەسەر چەپاندن و
خەونێك لەسەر دڕەنگ هاتنەوەم بۆ ماڵ
بۆ ماڵی دێ
خەونێك لەسەر ڕابواردنی کچە سەرخۆشەکانی مەیخانەو
خەونێك لە سەر ماچە وەریوەکانی لێو
کە نەمزانی شایستەی کام ئادەمەیە،
ئەی نیشتیمانە وێرانەکەم دە بڕە دەنگ.
چاوم ڕێگەی سەفەر ئەگرێ و
هەر ساتێك و پارچەیەکی ئەم وێرانەیە ئەپۆوێ کەناویان لێنا

نیشتمان..
ئەمە نرەی گەرەکی سزانیە بەهەوستەکانی خاکە
ئەوانەی لەم نیشتیمانە جێیان نەبوو
ئەوانەی پاشماوەی شەن
ئەوانەی خەونیان بەنانەوە ئەدی
تاوێك لە خەمی پیرزی چاوی کچە سزانییەك
تینوێتی پرسیارە بێ وەڵامەکان ئەشکێنم
جارێك لە هەناسەساردیی منادێکی برسی و
جارێکیشیان لەلای نەفەرە ناکامەکانی ناو پاسە بێ بلیتەکانی
نیشتمان نیگام ئەژێ،
ئێستا دەم دێی کچە رەدووکەوتوویەکی ناو پاسێکی نیشتیمانە کە لە
پشتەکەی نووسرابوو
کوێوە بێم خێشەویستم..
عەرەبانەکەم ئەشەڵ و خەونم شەوارەی کردووە
ئێستا روحم وەکو کترە تراوەکان هەردەمەو
پەلکێشی گەندەخانەیەکی ئەم نیشتیمانە گەو لاەم ئەکا
و خێی جەم دێێ
و
بەشەکەتی دێتەوە لام
روحی ماندووم عەرەبانەیەکی شەقوشێی دەست رێژگارە و
ئەم وەرزەش وەرزی دییەنی
هەر ساتێك و لە پێش وێرانە ماڵێکی دێ رایئەگرم
کەچی لەوێش گڵپی سەوزم بێ پێئەکەن.

28-7-2017

نامەیەك بێ خوا … چنوور نامیق

نامەیەك بێ خوا ئەنووسم
ئەێم گەورەم
چۆن بتوانم ئازادی بەدەست بهێنم؟
دوو فریشتەی بەرگ سپی بە سۆ ژیانم ئەشکێنن…
خوا بە نیگا گلەیی بارانم ئەکا و بێدەنگ ئەبێ

بۆدەنگتر لە هەموو جارێ
یەکێك لەوێ لە پرسگەی بەهەشت دانیشتووە
لای خێمانیش وا بزانم لە وەزارەتی پارەکان بوو
لەسەر سینی زیوینی مەرگ پێکێك هەنگوێنی ژەهرینم لە بێ دەنێ
ئەمجارەیان فریشتەکان بە لیمۆی عەشق رەجمم ئەکەن…
دەمم بۆنی سۆو ئەدات و رەنگم تاڵی لیمۆ ئەگرێ
خوا بە ئاماژەیەکی سارد ئەڵێ
بۆدەنگ بە ئێستا تۆ حەرییەکی دەسبەسەری……
دوو فریشتە لە چەشنی پیاوە جیاوازەکانی لای خێمان
لەسەر مان و نەمانم بەشەڕ دێن
ئەوان بە خەنجەری هابیل و قابیل شەڕ ئەکەن
پرشۆ خوێنی ناتەبایی بەر یەخەی سپی کراسەکەم ئەکەوێ
خەنجەرێك سینگم ئەپێکێ
خوا سەیرێکی رووم ئەکات و
مشتێ بەزەیی و مەراقم پێدا ئەکا
خزمە دوورەکانی قابیل
دەستێکم رائەکێشن
و خزمە نزیکەکانی هابیلیش
دەستەکەی دیم…
ناوبژیوانێکی تریش
چەپکێ قژم ئەبا بێ خێ
لەم هەراو شەڕی حیرمانە ئەکەومەوە سەر زەوی
بێ دەستو پێ
لە دەواری کچە دەربەدەرەکەی بەهەشت ئێقرە ئەگرم .

8-5-2017

پەیامێك لە هەوێستەوە بێ ……..چنوور نامیق

پەیامێك لە هەوێستەوە بێ ……..

هۆ هۆ ڤیلا گیان بەنیازم بۆمەوە بۆ نیشتیمان
ئاگایەکت لە خۆرئاوا بێ نەکەوێ
چاوێکیشت لە چاویلکەی هەورەکان بێ
بە دەم بارانەوە نەشکێ
دڵکیشت با لای هەناسەکەی من بێ
هۆ ڤیلا گیان
هەوڵست ئەوا و نایەتەوە
ئاگایەکت لە گۆرانیی ریشۆلە قەتیسەکانی تۆی ناکەسبەچەکان بێ
دوا نۆتەیان لەم شوشەیەی دەستە ساردەکانی من و
ڕاڕایی هەردوو بیناییم بشارەوە
ملوانکەیەکی بچۆاومت بێ جێ دڵم
مۆری ئادەمیان پێوەیە
ئەو بچۆاندی کاتێ نەمویست سڕوە حەرامەکە بخۆم
هۆ ڤیلا گیان
بەنیازم بۆمەوە بێ لای سروشت ئاگایەکت لە دڵی تەی باران و
چاویلکەی ناو هەورەکان بێ نەبا بە هەمی هەناسە و نیگا
قەتیسەکانی من بشکێ
هۆ ڤیلا گیان
ئاهەکانی ئەودیوی نیشتیمانە نامکەم
گشت نەزەرە ، حەرامە ، ناوازەیە، یاساغە تابووە تابوو
مەیلی نیشتمان دایگرتووم لەوە ئەچێ نەیەمەوە!

7-4-2017
چنوور نامیق

پکێکی بەتاڵە ژیان … چنوور نامیق

لێو گیردەی خەمی تاڵە و
دەست ئالودەی پکی بەتاڵ
چاو لەوبەری ژیان ماوە و
دێ موبتەلای وڕانە شار

مەترسە ئیتر باران لەگەڵ ئەودا نایە و
زستان بە پەتۆ ئاوییەکەی داتناپۆشێ

جارێکی تر نەبیرت بێلای سەرما ئەچێ و نە کەس دێتە بەر پەنجەرەی یادەوەریت
کەسیش ناڵێ خێت بە پرچمەوە بگرە
چیتر باران بە گەردنی شووشەیینی چاوەوانیت گوزەر ناکا
پێکەکی پێ وەهمە نیگام
لەگەڵ جریوەی جەمانێ
لەدەستم وردوخاش ئەبێ
پیالەیەك لە دەستم شکا وتم قەزای عەشقی لێکەوت
پەرداخێکیش زەر لەسەر خێ
نیانی پەنجەی زامارمی ئەخواردەوە و من مەست ئەبووم
پێکێك سەلاری نیگامی لەگەڵ خێی برد
لەو دەمەوە بێدارم و خەون ئەبینم
گەشتێکی بەتاڵە ژیان
جار جار پێکەوە ئەڵێین و هەندێ جاریش پەشیمانی بێ ئەودیوی سنووری عەشقمان ئەبا و
جەمان دڵێ
جارێکی تر نەبیرت بێلای سەرما ئەچێ و نە کەس دێتە بەر پەنجەرەی یادەوەریت
کەسیش ناڵێ خێت بە پرچمەوە بگرە ئەی بێ لانە!

پێکێکی پێ بێ هەڵدانی عومرێکی زوو … چنوور نامیق

وەرە من و تێ سەر بنێینە سەری شێتی ئەم گۆرانییە خەمناکەی
کانگای روح و
پێکەوە چرای بێدەنگییەکی سەلارانە هەڵکەین
نەفرەت لە قەڵای شەوەکانی عەشق
کە رۆژی تیا نایەتەوە …
غەریبکەوتن بەدیار چرای نیوە گڕی ئیدمانەوە

بۆ بۆانەوە ئاشنایە
لەم غەریبستانی دڵە
با من و تۆ بەدیار گۆرانییە کاڵەکەی
"کاڵۆ بار مەکە"ئاڵای گریانێکی بۆ بۆانەوە هەڵکەین و
لەشەوە بەردەوامەکانی قەڵا بۆ تنۆکێ ڕۆژ بگەڕێین
پێکەکم ئەوێ بەتاڵ بەتاڵ
بۆ هەڵدانی عومرێکی زوو
پیاڵیەکیش
بۆ خواردنەوەی ئەو وەرزانەی لە دڵمان چوو
ڕەش، سیا ، ڕەش
ڕەش مرازی ڕەنگە مەیلەو درزنەکان بەتاڵ ئەکا و
دڵی منیش فاڵی ژیان
کراسەکەم ڕەنگی سوری لێوەکانم بە درۆدەخاتەوە
هەر بۆیەش
پەرداخێ سەبرم پێ دەدات و
سەدای سەرەڕۆی
"کاڵۆ بار مەکە"و "هێ مەڕۆ مەڕۆ" مەستم ئەکا تا وەرزبوون
لەقاچی ساردی چۆلەکە شەوارەبووەکان
من و تۆ و ئیدمان و قەڵا
چوارینەکی دراسێی بەرمێداین و
رنگە کاڵەکانی سروشت ئەخێنەو ەو
وەرە من و تۆ سەر بنێینە سەری شێتی ئەم گۆرانییە خەمناکەی
کانگای روح و
پێکەوە چرای بۆدەنگییەکی سەلارانە هەڵکەین.
عومرێکی ڕژاوە
هێ مەڕۆ مەڕۆ و کاڵۆ بارمەکە
کردومیە لانە
ئێستاش بۆتاقەتم بۆتاقەت بۆتاقەت
ئێدە وەرە با من وتۆ سەر بنێینە سەری مەستی گۆرانییەکی شەرابی و
ئەم قەڵای ئیدمانە چۆکەین.

1-4-2017